www.kurdistannet.org
25-4-2003 0:12

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی بیرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

**بروکسل-٢٠٠٣/٣/١٧**

بیرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی بیرۆ سازکرد. لە دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و، وێرای ڕێزگرتن و وەبیرهێنانەوەی شەهیدانی هەڵەبجە، ئەوکارەساتە کە لەلایەن ڕژێمی کۆمەڵکوژی عیراق ١٥ساڵ لەمەوبەر خوڵقا بەتوندی شەرمەزارکرد. هەروەها سووربوونی خۆیان دووپات کردەوە لەسەر ئەو پێداویستیانەی کە جارێکیتر هەڵەبجەیەکیتر لەهیچ پارچەیەکی کوردستان دووبارە نەبێتەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پیلانەکانی ڕژێمی تورکیا بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان و هەوڵی لەناوبردنی دەستکەوتەکانی و، هەروەها مەبەستی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی KADEK شەرمەزارکرا.

لەلایەکیتر لە کۆبوونەوەکەدا کردەوەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەڕ ئیعدامکردنی تێکۆشەرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی ئەم دوواییانە وەکو (هەمزەی قادری، ساسانی ئالی کەنعان، محەممەدی گولاّبی) ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەیان بەتوندی شەرمەزار کرد.

بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی تازەی کوردییەوە بیرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە KNK پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرجەم گەلی کورد دەکات. هەروەها بیرۆ بانگ لەگەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات کە ڕیزەکانی خۆیان لە بەرامبەر پیلانی دوژمنانی نەتەوەکەمان پتەوتر بکەن و لە دژی کردەوەکانی داگیرکەرانی کوردستان یەکدەنگ و یەکڕەنگ تێبکۆشن.

لە دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردستان و هەڵبژاردنی کۆمیتەی کارگێڕ، ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری پێویستیان بۆ خەبات و چالاکی داهاتووی بیرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت